

# ئافرەتێکی دەستگێڕ باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی دەکات

## سواڵ و دەستپانکردنەوە عەیبە، نەک کارکردن

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئافرەتانی بێ دەرەتان دەبیندرێن کە کاری دەستگێڕی دەکەن، لە هەرێمی کوردستانیش ژمارەی ئەو ئافرەتانە کەم نییە کە لەسەر شەقامەکان شتی جۆراوجۆر (دەسڕی کاغەزی، لیفکە، گۆرەوی، جۆرەکانی سەوزە، بنێشت و.. هتد) دەفرۆشن، زۆربەشیان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە سەرپەرشتی خێزانیان نەماوە و بە ناچاری پەنایان بۆ کارکردن لەسەر شەقام هێناوە. یەکێک لەو خاتوونانەش نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەدرکێنێت.



**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئافرەتێکی بە تەمەن لە ناو جەرگەی بازاڕ و لە بەردەم دووکانێکدا هەندێك دەسری کاغەزی و چەند لیفکەیەك و چەندین جووت گۆرەوی بۆ فرۆشتن داناوە. خۆی بە «سەکینە» دەناسێنێت. وەك باسیکرد، تەمەنی لە پەنجا ساڵ تێپەڕیوە و دایکیشی هێشتا زیندووە، بەڵام بە هۆی نەخۆشی زەویگیر بووە. سەکینە رۆژانە لە بەیانی لە ماڵ دێتە دەر و تا نزیکیی خۆرئاوابوون لە ناو بازاڕدا کەلوپەلەکانی دەفرۆشێت. ئەو خاتوونە بەمجۆرە باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی دەکات: «زۆر منداڵ بووم لە گوندی بە شوو درام، بەڵام منداڵم نەدەبوو. پیاوەکەم دوای چوار ساڵان ژنی بەسەرهێنام، لەویش منداڵی نەبوو. خۆیشی شەرمی دەکرد سەردانی دکتۆر بکات، من و هەوێم چەند جارمان پێی گوت، دیارە کێشەکە لە خۆتە، دەنا مەعقوولە ئێمە هەردووکمان نەزۆك بین. هەر گوێی نەداینێ و دەیگوت ژنی دیکە دەهێنم و کێشەکە لە ئێوەیە. مێردەکەم نەیوێرا ژنی دیکە بهێنێ و هەر بە وجاغکوێری مرد و موڵك و ماڵی هەمووی براکانی خواردیان و تەنیا خانوویەکی زۆر گچکەیان بە من و هەوێم دا، ئەویش دوای سێ چوار ساڵ مێردی کردەوە و داوای بەشە میراتی خۆی لە خانووەکە کرد. ناچار خانووەکەمان فرۆشت و منیش چووەمەوە لای دایکم. لە ترسی ئەوەی کە لەوانەیە نەزۆك بم، سەرەڕای ئەوەی چەند جار هاتنە خوازبێنیم، مێردم نەکردەوە. تا ئێستاش نەمزانی کێشەی نەبوونی منداڵ منم، یان مێردەکەمە، بەڵام هەوێم مێردی کردەوە و خوای گەورە بۆی بهێڵێت، پێنج منداڵی هەیە. گەنجێتی خۆم بە ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی لە نەزۆکی بردە سەر و مێردم نەکردەوە. هەتا برام مابوو، من و دایکم کێشەمان نەبوو، هیچ پێویستمان بە کارکردن نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی برام سەیارەکەی وەرگەڕا و گیانی لەدەست دا، بژێوی ژیانمان زۆر ناخۆش بوو. زۆر جار ژەمە خواردنمان لە ماڵە جیرانان بۆ دەهات، منیش بەوە زۆر بێزار دەبووم و ناچاریش بووم خواردن و جلوبەرگی کۆنی خەڵك کە بۆیان دەهێنایین، وەری بگرم. دواتر من لە ماڵەوە لیفکە و گۆرەوەیم دەڕستن و دەمبردن بە جوملە بە دووکاندارانم دەدا، بەڵام ئەوان زۆر بێ زەمیر بوون، پارەیەکی زۆر کەمیان دەدامێ، ماندووبوونەکەم بە خەسار دەچوو. بۆیە بڕیارم دا، خۆم بیانفرۆشم و بەوەش داهاتم زیاتری کرد.»

**لە ترسی ئەوەی کە لەوانەیە نەزۆك بم، سەرەڕای ئەوەی چەند جار هاتنە خوازبێنیم، مێردم نەکردەوە**

سەکینە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە لە ئێستادا رۆژانە ١٥ تا ٢٠ هەزاری دیناری دەست دەکەوێت. ئەوەش ناشارێتەوە کە زۆر جار کڕیارەکانی بە خواستی خۆیان پارەی زیاتر لە نرخی کەلوپەلەکانی دەدەنێ، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە هەموو تەمەنم داوای پارەم لە کەس نەکردووە. خۆم کارم کردووە و خۆم و دایکم ژیاندووە. کارکردنیش عەیب نییە، سواڵ و دەستپانکردنەوە عەیبە، نەك کارکردن، بەڵام ئێستا ماوەیەکی زۆرە دایکم ناساغە و خۆیشم ئەژنۆکانم تەواو نین و داودەرمانی هەردووکمان زۆری دەوێت، بۆیە لەو ساڵانە چی پاشەکەوتم هەبوو، لە داودەرمانی دایکمم دا، هەتا دواساتی تەمەنیشم هەر خزمەتی دەکەم.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا خزمی نزیکی نییە، بۆ ئەوەی هاریکارییان بکات؟ گوتی: «خزمان بۆ خۆیان خۆش بن، ئەوان لە گوندی ماون و سەردانمان ناکەن، لە شاریش کەسمان نییە لە خوا زیاتر، سوپاس بۆ خوای گەورە هێزی پێ بەخشیوم و شوکر تا ئێستا موحتاجی کەس نەبووینە.»

**لە ماڵەوە لیفکە و گۆرەوەیم دەڕستن و دەمبردن بە جوملە بە دووکاندارانم دەدا، بەڵام ئەوان زۆر بێ زەمیر بوون، پارەیەکی زۆر کەمیان دەدامێ**

**خزمان بۆ خۆیان خۆش بن، ئەوان لە گوندی ماون و سەردانمان ناکەن، لە شاریش لە خوا زیاتر کەسمان نییە**

# کاریگەریی سیستەمی پەروەردە لە گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی باشتر

**لە هەموو وڵاتان سیستەمی پەروەردە و فێرکردن ڕەوتی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و وەزارەتی پەروەردە دامەزراوەیەکە بۆ وەبەرهێنانی تاکی کارامە و بەتوانا بۆ کۆمەڵگە و زۆر جاریش پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە پێشکەوتنی هەر وڵاتێك لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات. هەر بۆیە لێردا دەپرسین: ئایا سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تا چەند لە گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە و تا چەند ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە سەر خێزان دروست کردووە؟ چۆن دەتوانین گۆڕانکاریی ئەرێنی بکەینە پرۆسەیەکی سیستەماتیك کە تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە و پەروەردە توانای وەبەرهێنانێکی ئەرێنی و بەرچاوی مرۆیی هەبێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ڤیان مەحموود زامدار، بەڕێوەبەری پێشکەوتوو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕایوایە: «ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها باس لە ڕۆڵی پەروەردە بکەین لەسەر گۆڕینی تاك لە کوردستان. چونکە بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینی تاکی کوردستانی و دونیابینییەکانی گۆڕانکاریی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. ئەمە جگە لەوەی کە پەروەردە ناکرێت وەکو کایەیەکی هەڵواسراو سەیر بکرێت لە کۆمەڵگەدا. پەروەردە لە باشترین حاڵەتدا، بەشێکی زیندووە لە کۆی ئەو هێزانەی بەرهەمهێنەری گۆڕانکارین. پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگەش پرۆسەیەکی گشتگیری بەردوامە. ئێمە دڵنیا نین لەوەی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێوەرە سەردەمییەکان دەڕوات. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، کۆی ئەو هێزانەی کاران لە فۆڕمەلەکردنی تاك، زۆربەیان تاوەکو ئێستا مۆرکی دژایەتیی پرۆسەی لیبرالیزەکردنی دیموکراسییانەی کۆمەڵگەیان هەر پێوە ماوە. بەو مانایەی، لەناو کۆمەڵگەدا، پەروەردە ناتوانێت بە تەنیا گۆڕانکاری بەرهەم بێنێت، تاوەکو گۆڕانکاری نەبێتە پرۆسەیەکی سیستەماتیك کە تەواوی کایەکانی دیکە بگرێتەوە، هەر لە دابونەریت و دۆگماکان و تیۆلۆژیاوە، تاوەکو ئابووریی تاك و مافەکانی مرۆڤ و بواری یەکسانیی جێندەری و .. هتد.»

محەمەد تۆفیق بالیسانی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی لە یەکەی سەرپەرشتیی ئامادەیی و پیشەیی سەنتەری هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە رای من سیستەمی پەروەردە ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی نەبووە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستێکی باشدا بێت و ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە سەر خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی هەبێت، بەپێی لێکۆڵینەوەکان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە، ساڵی ٢٠١٣ وەزەراتی پەروەردە یەکێك بوو لە وەزارەتە خراپەکانی حکومەتی هەرێم، بەڵام لە ئێستادا هەنگاوی باشی بۆ بەرەوپێشەوەچوون ناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی داخوازیی پەروەردەکاران و کۆمەڵگە بە گشتی نییە، ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەی کوردی بونیادێکی مەزن و پێشکەوتوو بە خۆیەوە ببینێت، دەبێت لە قوتابخانەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەویش بەو هەنگاوانەی خوارەوە :-

١. حکومەت زۆرترین بڕی بودجە بۆ وەزارەتی پەروەردە دابین بکات، هەروەکو وڵاتان کە لە ٢٣٪ کەمتر نەبێت، لەم ڕێگەیەوە کەسانی شارەزاو لێهاتوو و دەست پاك و زیاتر لێهاتوویی و شارەزایی لە کەسایەتی ببیندرێ، وەك لێژنەیەك لە وەزارەت کار بکەن و سانسۆرێکی بەهێز بخەنە سەر وردەکارییەکانی

سەرفکردنی پارە، لە هەر شوێنێك کەسانێکی لاواز و مشەخۆری کۆمەڵگە، لە سەر بەرژەوەندنی تاکەکەس کارەکانی ئەنجام دا، رووبەڕووی لێپرسینەوەیەکی توند ببێتەوە، ئەگەر ئەو کەسە سەر بە هەر فیکرە و ئایدیەك بێت، چاوپۆشی لێ نەکرێت.

٢. وەزارەتی پەروەردە هەوڵ بدات زۆرترین بینای قوتابخانە دروست بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قوتابی لە پۆلەکاندا، وەزارەت پلانی هەبێت و هەوڵ بدات لە قوتابخانەکان دوو دەوامی نەمێنێت، پلانەکانی لە دروست کردنی قوتابخانەکان درێژ خایەن بێت، تاوەکو لە داهاتوودا تووشی قەیرانی قوتابی زۆری نەبێتەوە.

٣. گرنگیدان بە مامۆستایان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، سوودمەندبوونی مامۆستا بە خانوو، دابینکردنی دایەنگەی تایبەت بە مامۆستایان، نەبوونی کێشەوگرفتی هاتوچۆ، تاوەکو مامۆستایان بتوانن بەبێ هیچ کێشەیەکی دەروونی و لاوەکی ئەو ئەرکەی لە سەرشانیانە بیگەیەنن بە قوتابییان، واتە ئەگەر هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە گرفتی هەبێت، نابێت مامۆستا لەو چینە بێت لە ناو گرفت ژیان بە سەر بەرێت، چونکە مامۆستا بونیادنەری کۆمەڵگەیە و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکیش لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات، هەروەها پێویستە مامۆستا ناچار نەبێت کاری دووەم ئەنجام بدات، واتە پێدانی مووچەی شایستە کە لەگەڵ بارودۆخ و گوزەرانی ئەم سەردەمە بگونجێت، گرنگە مووچەی مامۆستا بە بەراورد لە گەڵ مووچەی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە زیاتر بێت، هەروەك چۆن ئەو سیستەمە لە وڵاتان پەیرەو دەکرێت، لە وڵاتی ئەڵمانیا توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەك پزیشك و ئەندازیارو پارێزەر داوایان دەکرد مووچەکانیان لە بەرامبەر مووچەی مامۆستا بەرز بکرێتەوە، لە وەڵامدا ئەنجیلا میرکل کە لە ساڵی ٢٠١٣وە راوێژکاری ئەڵمانیایە گوتی: «چۆن هاوتاتان بکەم لەگەڵ کەسانێك کە ئێوەیان دروست کردووە؟» ئەمەیە لێکدانەوەی بیرو هزری کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان و نیوەی وڵاتانی ئەورووپا، کە ئابووریی وڵاتیان لە سەر دەستی ئەم خانمە پێشکەوت.

٤. وەزارەتی پەروەردە ساڵانە خولی جۆراوجۆر بکاتەوە لە بوارە جیاجیاکان بۆ مامۆستایان بە شێوەیەکی تەوزیمی (ئیجباری) مامۆستایان بەشدار بن، لە دوای دەوام یان لە کاتی پشووەکاندا.

٥. هەبوونی پرۆگرامێکی سەردەمییانە کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان بگونجێت، زوو زوو گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکان نەکەن، گۆڕانکارییەکانی کتێب بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا راسپێردرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و هەموارکردن لە کتێبەکان بکەن، پاش گۆڕینی کتێب بۆ جاری یەکەم ژمارەیەکی کەم لە کتێبەکان لە چاپ بدرێت، لە چەند قوتابخانەیەك تاقی بکرێتەوە، ئەگەر سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئینجا ژمارەیەك بە گوێرەی پێویست و ژمارەی قوتابییان چاپ بکرێت.

٦.دانانی بەڕێوەبەری بەتوانا و خەمخۆر و پسپۆڕ لە بواری کارگێڕی، رەوشت بەرز و دەست و داوێن پاك بێت، کە هونەری مامەڵەی لەگەڵ دەورووپشتی بەهێز بێت، ئارامگر و هێمن و لەسەرخۆ بێت، کەسایەتییەکی بەهێز و موگناتیسی هەبێت، نوێخوازی و خولقێنەریی پێوە دیار بێت، واتە بەڕێوەبەر دەبێت لێزان و دەروونزان و کۆمەڵناس و زانستخواز بێت، بەڕێوەبەر بنەمایەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی قوتابخانەکان.»

رۆشنا محەمەد ئەمین، مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پەروەردە و فێرکردن رەنگدانەوەیەکی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، هەر سیستەمی پەروەردەشە کە دەتوانێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنێت، دیارە پەروەردە و فێرکردنیش مافی سەرەتایی هەموو منداڵێکە، لە کاتێکدا لە سەرانسەری جیهاندا و بەپێی ئاماری یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە ٥٨ ملیۆن منداڵ بە هۆکاری جیاجیا لە خوێندن بێبەشن، لە راپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا عێراق خراپترین ئاستی خوێندنی تێدایە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئەم راپۆرتە هەرێمی کوردستانی نەگرتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی لە عێراقەوە نزیکین، بەرکەوتەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆمان لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی ئەم وڵاتەدا هەیە:» گوتیشی: «سیستەمی خوێندن و پەروەردە کردن رۆڵێکی ئەرێنی لە پێشکەوتنی رەوتی کۆمەڵگە هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە گرنگیی زیاتر لەلایەن حکومەتەوە بەو سێکتەرە بدرێت، ئەو سێکتەرە کاریگەری لەسەر پاراستنی باری تەندروستیی منداڵ لە لایەنی جەستەیی و دەروونییەوە هەیە، کە هزر و فکر و بیرکردنەوەی کارامەیی منداڵ و پێگەیاندنی نەوەکان بەشێوەیەکی زانستی و پێگەیاندنیان بۆ قۆناغی گەورەیی و ژیانی پیشەیی و خێزانیان مسۆگەر دەکات، بوونی کۆمەڵگەیەکی ساغلەم و تەندروست دەرهاویشتەی پەروەردەیەکی دروستە، بەپێچەوانەوە خراپیی سیستەمی پەروەردە و دابڕانی منداڵ لە خوێندن رەوتی کۆمەڵگە پەك دەخات، دابڕانی منداڵ لە خوێندن و کارپێکردنیان کەسایەتیی منداڵ دەکوژێت کە هەر لە منداڵییەوە دەخرێتە ژێر بارێکی قورس، کە نە لایەنی جەستەیی و نە لایەنی دەروونی بەرگەی ئەو بارە قورسە ناگرێت.»

**بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینی تاکی کوردستانی و دونیابینییەکانی گۆڕانکاریی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە**

**کۆی ئەو هێزانەی کاران لە فۆرمەلەکردنی تاک، زۆربەیان تاوەکو ئێستا مۆرکی دژایەتیی پرۆسەی لیبرالیزەکردنی دیموکراسییانەی کۆمەڵگەیان هەر پێوە ماوە**

**سیستەمی پەروەردە ئەو رۆڵە بەرچاوەی نەبووە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستێکی باشدا بێت و رەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی هەبێت**

**لە سەرانسەری جیهاندا و بەپێی ئاماری یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە ٥٨ ملیۆن منداڵ بە هۆکاری جیاجیا لە خوێندن بێبەشن**